**راگەیاندنی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە دەربارەی:**

# شکستی بێئەم لاو لای شانۆگەری بە ناو هەڵبژاردنی رژیم لە کوردستان

**جەماوەری خەڵکی ئێران و کوردستان!**

**کرێکاران و زەحمەتکێشان!**

هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم لە هەموو ئێران و بە تایبەت لە کوردستان بوو بە ریفراندۆمێکی جەماوەری بە دژی رژیم. رۆژانی بەر لە شانۆگەری هەڵبژاردن، تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ هاوپشتیی جەماوەری، بۆ وەڵام دانەوەی "نا"یەکی لێبڕاوانەو گشتی بەرانبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ نیشان دانی ورەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە ئاستی ملهوڕی و لەشکرکێشییەکانی رژیم بۆ شارەکانی کوردستان. خەڵکی کوردستان ئەم جارەش لەم تاقیکردنەوەیە سەربەرزانە هاتنە دەر. چۆڵ هێشتنەوەی بەر سندووقەکانی دەنگ دان لە هەموو شارو دێهاتی کوردستان، مزگێنی سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەو سیاسی لە کوردستان نیشان دەدا، کە بێگومان بەتەواو بوونی هەڵبژاردنەکان کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو بەردەوام بوونی ئەم رەوتە لە پێشڕەوییەکانی داهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا دەبینین. کزی و ساردو سڕیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا لە ناوچەکانیتری ئێران نیشانەی تەریك کەوتنەوەو لاکەوتەیی سیاسی و بێئەم لاو ئەولای ئەم رژیمەی کۆنەپەرستی و پارێزەری سەرمایەیە لە گشت ئێراندا.

ئێمە بە بۆنەی ئەم سەرکەوتن و هاوپشتییە جەماوەرییە پیرۆزبایی لە ئێوە دەکەین و لە قووڵایی دڵەوە سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەم رۆژانەدا بوێرانە هەوڵیان داو تێکۆشان تاکوو شکستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە ئێران مسۆگەر بکەن.

بە ناردنی گاردی تایبەتی دژی شۆڕش و گوردانەکانی عاشورا بۆ شارەکانی کوردستان، بە بەڕێوەبردنی حکومەتی نیزامی لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت لە مەریوان و بۆکان، بە هەڕەشەوگوڕەشەی بەردەوامی ئیتلاعات و دامودەزگا سەرکوتگەرەکان بە مەبەستی ناچار کردنی خەڵك بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنداو، بە پووڵ و پارەو تەماح وەبەرنان و سیاسەتی کڕینی دەنگ بە

تایبەت لە رۆژی هەڵبژاردندا نەك هەر لە بڕیارو هاوپشتی خەڵکی کوردستاندا تۆزقاڵێك دوودڵیو دڵەڕاوکێ سەری هەڵنەدا، بەڵکوو بە پێچەوانە ئێمە خۆڕاگری بەرینو تێك هەڵچوونی جەماوەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم بۆ نموونە لە شاری مەریوانو دیواندەرەو بۆکانو، کۆبوونەوەی لاوانو خەڵکی سنە بە بۆنەی رۆژی کۆمەڵە لە سەیرانگای ئاویەری سنەو عەهدو پەیمان بەستن بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنماندا دیت.

هەولی بێوچانی لاوانو کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆری خەڵك لە هەموو شارو دێهاتی کوردستان بۆ بانگەوازو بەشداری‌نەکردن لە هەڵبژاردندا گەلێك دیمەنی هەمیشە زیندووی لە هەڵچوونی جەماوەریی لە دژی رژیمی ئیسلامی هێنایە سەر شانۆو، هەستی خەباتگێڕیو وزەو توانای رێکخستنی جەماوەریی بردە سەر، بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو جەماوەردا هەستی بڕوا بە خۆبوونی بردە سەرو گەلێك ئەزموونی بەنرخو بەکەڵكو پڕبایەخی خولقاند.

بێگومان شکستی بەرچاوی رژیمی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەمدا لە ئێران و کوردستان بزووتنەوەی جەماوەری دەباتە قوناغێکی نوێوەو وەك خاڵی وەرچەرخانێکی گرینگ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دێتە ئەژمار.

دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٢٨٢/١٢/٢

٢٠٠٤/٢/٢١

---

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٢٤٧١١
Mobile: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٧٤٦٥